# ڕۆمانسیەتی هەردی و کاریگەری کۆمەڵەی ئەپۆلۆ

▪ د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی
مامۆستا.بەشی زمانی کوردی. کۆلیژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

## پێشەکی:

هەردی ئەو دەنگە زولاڵەو ئاوازە شیرینەیە کە لەهەستێکی ناسك و دەرونێکی پاکەوە هەڵدەقوڵێ هەتوانێکە زامی دڵی عاشقان سارێژ دەکات و هەریەکەیان بەهی خۆی دەزانێ وادەزانی باس لەئێش و ئازارەکانی ئەو دەکات. ئەم دەنگ و ئاوازە بەسۆزە لەو ڕۆژە کەلەدایك بووە هەتا ئێستاش بۆتە وێردی سەرزوبانی کۆمەلانی خەڵك و لەگوێیانا دەزرینگێتەوە.

هەردی هەرچەندە سەرەتا بەشیعری کلاسیك دەستی پێکردووە بەلام هەرزوو زانیویەتی کەئەم جۆرە شیعرانە ناتوانن ویست و ئارەزووەکانی ئەو بگرنە خۆ بۆیە ڕووی لێ وەرگێڕاون و خۆی خستۆتە باوەشی ڕۆمانسیەت و سەرکەوتنێکی بێ وێنەی تیا بەدەست هێناوە. شیعرەکانی زۆربەی خاسیەتەکانی ڕۆمانسیەت دەگرنەخۆ. هەردی هەست ناسك هەموو شتێکی جوان و دڵگیر کاری تێ کردووەو توانیویەتی خۆی لەسەرچاوەی ئەو جوانی یە تێربکات. وەك ڕۆشنبیرو شارەزایەکی ئەدەبی عەرەبی چاوەکانی لەنێو دیوانی شاعیرانی تازەی ئەدەبی عەرەبی گەشتیان کردووەو لەسەر وێنەی جوان و قەشەنگ گیرساونەتەوە. ئەم وێنانە کاریگەرییان لەسەر دڵ و دەروونی هەردی جێ هێشتووە. بەوەندەش نەوەستاون زۆرجار لەشیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم کاریگەرییەی شیعری تازەی عەرەبی لەسەر هەردی دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری یەوە.

دیاره ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییەو زۆر بڵاوە لەنێو شیعری میللەتاندا راستە ئەم وێنانە لەلای هەردی ڕەنگیان داوەتەوە بەڵام بەجۆرێکی واتەوزیفی کردن ڕەسەنایەتی پێ بەخشیون. بەشێوازێکی وا دایڕشتوون زۆر جوان و وێنەکان لەلای هەردی زۆر جوانترن لەوێنە بنچینەکان.

باسەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەند بەندی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ڕۆمانسیەتی هەردی و خاسیەتەکانی ڕۆمانسیەت لەشیعری هەردی دا. بەندی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ کاریگەری شاعیرانی کۆمەڵەی ـئەپۆلۆ) لەسەر شیعری هەردی دا، لەکۆمەڵەکەش تەنیا دوو شاعیرمان هەڵبژاردووە ئەوانیش ( عەلی مەحمود تەها )و (د. ئیبراهیم ناجی )ین کەکاریگەری بەرچاویان هەیە لەشیعرەکانی هەردی دا لەدوای ئەوە ئەنجامی باسەکەمان بەچەند خاڵێك خستۆتە ڕوو. ئینجا سەرچاوەکانمان بەپێی بابەت ڕیزکردووە... ئینجا کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی، دوایش بەزمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

د.سەردارئەحمەدگەردی

## بەندی یەکەم:

**ڕۆمانسیەتی هەردی:** ڕۆمانسیەت ئەو ڕێبازە ئەدەبی یەی کە پشت لەعەقل دەکاو لەسەر بنچینەی خەو و خەیاڵ خۆی بنیات دەنێت، لەواقع ڕادەکاو ڕوو دەکاتە سروشت. (ووتر هاوس) دەڵێت (( ڕۆمانسیەت هەوڵدانە بۆ هەڵاتن لەواقع(١) وای بۆ دەچێت کەواقع زۆر نەدارترە لەوەی کە ئەدەبێکی باڵای لێ بەدەست بهێنرێ بۆیە شاعیر ناچار دەبێت ڕوو بکاتە سروشت.(ڕۆسۆ) دەڵێ (( ڕۆمانسیەت گەڕانەوەیە بۆ سروشت)) (٢) بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئەوەنییە لاسایی سروشت بکەنەوە بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو کەلێنانەی کەسروشت نەی توانیووە پڕیان بکاتەوە ئەوان بەداهێنانەکانیان تەواوی بکەن. ڕۆمانسیەکان دەڵێن:(( ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی و شیعر بەتایبەتی لاسایی کردنەوەی ژیان و سروشت نییە بەڵکو داهێنانیەتی وەئامرازی ئەم داهێنانەش ژیری و تێ بینی ڕاستەوخۆ نییە بەڵکو خەیاڵی داهێنراوە)) (٣) خەیاڵیش ئەو هێزە خولقێنەرەیە کەبەهۆیەوە عەقل دەتوانێ بچێتە ناخی ڕاستی یەکانەوەو سروشت بخوێنێتەوەو لێکی بداتەوە. هەوڵ دەدات لەگەردونا دژەکان بەیەك بگەیەنێ، گەورەترین خۆشی پێشکەش بەکۆمەڵ بکات (ستاندال) دەڵێت (( ڕۆمانسیەت ئەو

هونەرەیە کەکاری ئەدەبی پێشکەش بەخەڵك دەکات، ئەوکارەی کە چاوەڕوانی گەورەترین خۆشی لێ دەکرێت لەگەڵ ڕەچاو کردنی داب و بیروڕای سەردەم. کلاسیکی یەتیش لەلایەکی ترەوە ئەدەبێکمان پێشکەش دەکات کە گەورەترین خۆشی بە پێشینان دەبەخشێ( ))٤). واتە ڕۆمانسیەت ڕوو دەکاتە ئێستاو کلاسیکی یەت بەرەو دوێنێ دەڕوانێ. ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لەدوای ئەوەی لە ئەوروپا بلاوبووەوەو ڕەگ و ڕیشەی داکوتا پەل و پۆی بەرەو ولاتانی تریش هاویشت. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەرەتا لەڕێگەی ئەدەبی تورکیەوە، دوای لە ڕێگەی ئەدەبی عەرەبی و ئینجا لەڕێگەی ئەدەبی ئینگلیزیییەوە ڕێبازی ڕۆمانسیەت هاتە نێو ئەدەبی کوردی یەوە دیارە هاتنە ناوەوەی لەڕێگەی ئەدەبی تورکی و عەرەبی هەر کاریگەری ئەدەبی ئەوروپی یە بەلام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ( ( لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕێبازی ڕۆمانسیەت لەئەدەبی کوردی دا لەژێر کاریگەری ڕۆمانسیەتی ئەوروپی سەری هەڵدا. لەناوەڕاستی چلەکان و سەرەتای شەستەکان بەشێوەیەکی بەرچاو قووڵ بووەوە لەسەر دەستی هەریەك لەشاعیران پیرەمێرد، گۆران، سەلام، نوری شێخ ساڵح، دڵدارو هەندێکی تر))(٥).

(ئەحمەد هەردی)یش لەوکاتەی کەهاتە ناو دنیای شیعرەوە ڕۆمانسیەت لەئەدەبی کوردیدا لەبرەو دابوو، کلاسیکیەت بەسەر چووبوو. سەرەتای دەست پێکردنی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٦ - ١٩٣٨. هەردی هەرچەندە سەرەتا بەشیعری کلاسیك دەستی پێکردووە و بەشیعرێك معارەزەی تەرجیع بەندێکی زێوەری کردووە بەلام (( هەر لەسەرەتای تەمەنی شیعریەوە تامەزرۆی بابەتێکی ڕۆمانسیانەی وەهابوو))(٦) و خۆی لەشیعری کلاسیکی دوورخستۆتەوە لەگەڵ (( شارەزابوونی لەعەروزو شێوەی شیعری کلاسیکی کەچی بابەتی ڕۆمانتیکی هەڵبژاردووە)) 7 و شیعری لەسەر بنەمای ئەم ڕێبازەی داناوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی (( ئەنجامی برانەوەی شەڕی جیهانی دووەم دا بەهۆی بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی دیموکراتی و دەست نیشان کردنی مافی نەتەوە چەوساوەکان و بەرزبوونەوەی شەپۆلی بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕۆشتنی شاعیر بەلای چەپدا، قۆناغی یەکەمی شیعری ڕیالیزمی شۆڕشگێرانەی هەردی هاتە کایەوە)) ٨ جوانترین شیعرەکانیش (ئازادی خوا کوردین ئێمە. و ئاگری عورفی) بووکەبوونە وێردی سەرزمانی لاوانی شۆڕشگێڕ. (ئازادی خوا کوردین ئێمە) کرا بەسرود بەلام ئەم شیعرانە هیچیان لەدیوانەکەی دا نین. لەگەڵ ئەوەشدا (کاکەی فەلاح) دەڵێت (( بەلای منەوە ناوبانگی شاعیرانەی (هەردی) زۆرتر ئەگەر نەڵێم هەمووی قەرزاری شیعرو سروودی ئەو سەردەمەیەتی بەتایبەتی سرودی ئازادی خوا کوردبن ئێمە)) (٩) لەسەرەتای ساڵانی پەنجاوە شاعیر واز لە سیاسیەت دێنێ و بارگەی ڕیالزم دەپێچێتەوەو بەرەو باوەشی

ڕۆمانسیەت دەگەڕێتەوە. ((کارەساتی دوای ڕا پەڕینەکەی کانون و لێدانی بزوتنەوەی نیشتمانی و حیزبە پێشکەوتوخوازوو دیموکراتیەکانەوە شاعیر پشتی کردە سیاسەت و کونجی گۆشەگیری گرت و لێرە بەدواوە لە بابەتی ڕیالیزمی شۆڕشگێرانەوە ڕووی کردە قۆناغی بابەتی شیعری ڕۆمانسی)) (10)دیارە هەردی سەرەتاو کۆتای شیعری ڕۆمانسیەت بووە ئەم هەڵگەڕانەوەیش دیارە هەروەك ڕۆمانسیەکان دەڵێن هەوڵدانە بۆ هەڵاتن لەواقع یاخود ویستویەتی ئەو ئاواتەی کە لەواقیع دا نەیتوانی وە بیهێنێتەدی لەخەیاڵدا ئەنجامی بدات. شیعری ڕۆمانسیش پیر نابێت لەهەموو سەردەمێکا هەر گەنجە. (ستاندال) دەڵێت (( ڕۆمانسیەت لەهەموو دەمێکا هونەری ئەمڕۆیە، کلاسیکیەت هونەری ڕۆژی ڕابردووە))(١١) هەردیش ناهەقی نەبووە کەگەڕاوەتەوە بۆ ڕۆمانسیەت. شیعرەکانیش شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن کەبەردەوامن لە پاراستنی گەنجێتی خۆیان. لەشیعری کوردیدا هەردی بەتاکە شاعیر دادەنرێت کەلەهەموو بەرهەمەکانیدا ڕۆمانسیەت زۆر بەزەقی دیارە. وەیەکێکە لەو شاعیرانەی کەلەدوای گۆران و هاوڕکانی بەردەوامیان بەشیعری ڕۆمانسی داوە. (( بەرهەمەکانی هەردی شاعیرو بەرهەمە ڕۆمانسیەکانی شاعیرانی تری کورد کاریگەرێکی گەورەیان هەبوو لە پێشکەوتنی ئەدەبی کوردا)) (12)هەردی توانی جوانترین شیعر پێشکەش بکات. شیعرێك کەهەست و سۆز دەبزوێنێ و ئارامی دەخاتە گیانەوە ((شیعرە ڕۆمانسیەکانی بەوە جیا دەکرێنەوە کە ناوەڕۆکی زۆر جوان دەگرنە خۆیان مۆسیقایەکی خۆش. چونکە توانویەتی بەزیرەکی بچێتە ناخی مرۆڤەوە)) (13)هەردی هەرچەندە شاعیرێکی دڵ شکاو و ڕەش بین بووە بەلاّم شیعرە تەڕو ناسکەکانی هەردەم لەسەر زاری لاوان بووە. وشە جوانەکانی ئاوازە بەجۆشەکەی دڵی هەزارەها گەنجی هێناوەتە جۆش و خرۆش. لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانەی سەردەم و ڕێبازە جیاجیاکانی شیعری هاوچەرخ شیعری هەردی هەر لەبرەودایە.

## خاسیەتەکانی ڕۆمانسیەت لەشیعری هەردی دا :

١- **خود** : یەکێك لەخاسیەتە زەقەکانی ڕۆمانسیەت گرنگی دانە بەخود خود ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ و شاعیر لەدەوریا دەسوڕێتەوە. تابۆی بلوێ باس لەخۆی دەکاو کێشەدەرونییەکانی دەخاتەڕوو. لە هەرچیەك بدوێن لەخۆیانەوە دەست پی دەکەن. (( شاعیرانی هاوچەرخ هەولیان داوە بۆ خودی خۆیان دلسۆزبن. ئەو کاتەش یاسای دەرەکی لە پێشیاندا دەهەژێ و بەها و پێوەری باو دەهەژێت. ئەوساش هەست کردن بەنامۆیی لەلایان لەدایك دەبێت. لەوانەیە هەندێکیان هەوڵیان دابێت هاوکێشەیەك لەنێوان خودو بوون دا بخولقێنن بەلاّم ئەم هەوڵدانە

خود بەرەو لەبارێك چوون دەبات بۆیە هاوكێشەكە نایەتەدی )) (14)نەهاتنە دی ئەم هاوكێشەش وایان لێ دەكات كە هەول بدەن . وا لەبەرامبەرەكەیان بگەیەنن كەباس لەئێش و ئازاری خۆیان ناكەن بەڵكو لەئێش و ئازاری خەڵكانی تر دەدوێن (هیگۆ) دەڵێت (( باسمان لەخۆمانەوە دەكرد. ئەفسوس كاتێك كەمن لەسەرخۆم دەدوێم هەروەك باس لەئێوە بكەم وایە، چۆن هۆشتان لیمەوە نیە یە.....؟ چەند لاسارییە بۆ تۆ كەوا نەزانی من تۆم)) (15) هەردیش وەكو شاعیرێكی ڕۆمانسی لەهۆنراوەكانیدا لەدەوری ئێش و ئازارەكانی خۆیدا دەسوڕێتەوە، ئەگەر لەسەرەتای شیعرەوە بەخودی خۆی دەست پێ نەكات ئەوا لە كۆپلەی دووەمیدا خودی هەردی بەئاشكرایی دەردەكەوێت.

لەهۆنراوەی (تانگۆی كوردی)دا شاعیر یەكسەر بەخودی خۆیەوە دەست پێ دەكات.

تاقانە خونچەی باخی ژیانم

زیندوكەرەوەی ئاواتی بێ گیانم.  ڕازی تەنیایی ل 29

لە هۆنراوەی (دڵێكی تێك شكاو) دا هەمان شت بەرچاو دەكەوێت

بەسەرسامی لەسەر لووتكەی بڵندی گە نجی وەستاوم

شریتی عومری ڕابردووم وەكو خەو دێتە بەرچاوم  ڕازای تەنیایی ل 58

بەم جۆرە بەردەوام دەبێت تاكۆتایی هۆنراوەكە.

لەهۆنراوەی (بێ ئارامی ) دا لەبەشی یەكەم خودی شاعیر زۆر ڕوون نییە كەچی لەبەشی دووەم دا بەزەقی دەردەكەوێت.

بۆ هەركوێ ئەچم پێی خرا پترم...

ناسرەوی دڵەی پڕ لەئاگرم....؟  ڕازی تەنایی ل 47

بەم جۆرە بەردەوام دەبێت تا كۆتای شیعرەكە تەنیا باسی خۆی دەكات. دەركەوتنی خود لە زۆربەی شیعرەكانی هەردی دا ئاشكرایە ((شانزە ساڵ چاوەڕوانی، چە پێك گوڵ بۆ ست فاتیمە، دووچەشن دلداری، چاوەڕوانی بێ هودە، ڕازی تەنایی، خەرمانە)) لەگشت شیعرەكانیدا قارەمانی سەرەكی خۆیەتی (( هەردی كەباس لەقارەمانی شیعر دەكا تەنیا لەو شیعرانەدا قارەمان دێنێتە گۆڕێ كە پەشیمانە لەوەی خۆی قارەمانیان بێ. ئەگەرچی ئەو شیعرانەی بەڕاناوی تاكی بگۆ دادەمەزرێت( بێجگە لەوانەی بۆسەر كێلی گلكۆی نووسیوون) هەردی خۆی

**پاڵەوانیانە)) (16)بەم جۆرە هەردی وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی تەنیا لەئێش و ئازارەکانی خۆی دەدوێ.**

## ٢- گەڕانەوە بۆ سروشت:

**گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت خاسیەتێکی شیعری ڕۆمانسییە. ڕۆمانسیەکان لەو باوەڕەدان کەواقع هەژارەو ناتوانرێ هەموو شتێکی تیابەدی بکرێت بۆیە ڕوو دەکەنە سروشت. بەلای (ڕۆسۆ) وە (( سروشت پاکترین مەڵبەندە کە ئادەمیزاد دەتوانن تیادا بەئاسوودەی بژیت دوور لە ئالۆزی و گیروگرفتی ناوشار)) (17)ئەم گەڕانەوەیەش بەمەبەستی لاسایی کردنەوەی سروشت نییە بەڵکو هەوڵ دەدەن داهێنانێك لەسروشت ئە نجام بدەن. هەردی شاعیریش کاتی کە لەژیانی شارو دێ بێزار دەبێت دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت. لەناو جوانی سروشتی کوردستان بتوێتەوەو ئێش و ئازاری واقیع لەبیر بەرێت، ئەمەش لەهۆنراوەی (تانگۆی کوردی)دا دەردەکەوێت.**

**با لەدەستی ژینی پەستی شارو دێ شارو دێ**
**ڕاکەین و ڕوو بکەینە چۆل و هەردێ ناو هەردێ**
**تەنیا وەك ناسکۆڵەی کۆسار**
**ڕووبکەینە پەد شاخ و ناو گولزار** ڕازی تەنیایی ل 53

**لەهۆنراوەی (بێ ئارامی) دا هەمان شت لەناو کۆمەڵ دا ئارامی لێ بڕاوەو ئۆقرە ناگرێ، لەژیانی شار هەڵدێ بەرەو گولزار بەلاّم چونکە تووشی دڵەراوکێ بووەو دەیەوێ لەواقیعەکەی خۆی ڕابکات، واقیعەکەش وەکو سێبەر هەر بەدوایەوەیە. لەناو گولزاریش ئارام ناگرێ و دەگەڕێتەوە ناوشار.**

**لەدەست شار هەڵدێم ئەچمە ناو گولزار**
**لەوێش هەلناکەم دێمەوە ناوشار** ڕازی تەنیایی ل 47

**ئەم گەڕانەوەیە بۆ سروشت لەلای هەردی زۆر بەتین تر دەبێت کاتێ وێنەی گەڕانەوە بۆ باوەشی خاك دەکێشیت و مرۆڤ بەتەواوەتی تێکەڵ بەخاك دەبێت و دەبێت بە پارچەیەك لەسروشت.**

**لای وایە کە ژین فانی نی یەو ڕێگەیی دوورە**
**نایزانێ کە هەر پە نجەیێ لەم خاکی زەمینە**
**کوڵمی هەزار (لەیل) و دەمی سەد (مەم و زینە)ە!** ڕازی تەنیایی ل51

لێرەدا شاعیر باس لە تێکەڵ بوونەوەی مرۆڤ دەکات لەگەڵ خاك دا ((کەبەشێکە لەسروشت. کاریگەری خەیامی شاعیری بەسارەوە دیارە)) (18)

## ٣- دڵداری ناکام:

خاسیەتێکی تری شیعری ڕۆمانسی دڵداری بەئەنجام نەگەیشتووە کەزۆر بە ئاشکرای لەشیعرەکانی هەردی دا ڕەنگی داوەتەوە. دەبینین هەرتاك و تەنیایەو لێو بەبارە دڵ پڕ لەخەمەو بەئێش و ئازاری نەگەیشتن بەیار دەتلێتەوە. ناونیشانی دیوانەکەشی ئەمە دەسەلمێنێ کەڕازو نیازی خۆی هەر بۆخۆی ماوەتەوە. لەهۆنراوەی (ئەی دیدە پەری)دا دەردەکەوێت کەیارە دڵ ڕەقەکەی بۆی نایەتە ڕایێ. هەرچەندە هەردی باسی شۆخ و شەنگی یارەکەی دەکات و بەگوێیا دەچرپێنێ کە ئەم جوانی یە تاسەر نامێنێ. کەچی یارەکەی ڕووی بەلاوەناکاو بێ باکانە گوێ ی پێ ناداو لەسەر لووت بەرزی خۆی بەردەوامەو دڵی ڕەقی نابزوێ:

تارەحمێ بکەی ئیستەکە بەم زام و برینە
سەرکز نەبی لەو جێگە بێ سامانی زەمینە

. . .

ئەم چەند قسەیەم ووتووە بەتۆ ئێستە بەچاکی
گەرچی ئەشیزانم دڵی بەردت نیە یە باکی. ڕازی تەنیایی ل٢٥

کاتێ هەردی بەتەواوەتی هیوا بڕاو دەبێت ئەم بێ ئاکامی یە لە هۆنراوەی (شۆرشی نائومێدی)دا زۆر بەتین تر دەبێت هەردی نەك تەنیا دەیەوێ یادگارەکان لەبیر خۆی بەرێتەوە بەڵکو پەنا بۆ زۆرداری دەبات کە یادگارەکان بەتەواوەتی لەیادیا بسڕێتەوە بەوەندەش ناوەستێ بەڵکو دەیەوێ لەژین و گەردونیشا نەمێنێ:

دەبا دەستی ستەمکاری!
ژیانی پڕ لە زۆرداری
لەیادا بسڕێ شێوەت لەیادی ژین و گەردونا ....! ڕازی تەنیایی ل56

لەهۆنراوەی (دڵێکی تێکشکاو)دا هەمان ڕوخان و بەئامانج نەگەیشتن دەردەکەوێت پاش (27) ساڵ کە هۆنراوەکە تەواو دەکات دەڵێ:

بەلێ ئێستا ئەوەی جێماوە بۆ من یادگارێکە ....!

بەسەرهاتی دلی وردو بەسەر چوونی بەهارێکە ...! ڕازی تەنیایی ل63

تافی لاوێتی بەسەرچوو تەمەن بەرەو لێژی دەڕوات تەنیا یاد گارەکان لەدەروونی شاعیر کە پەنگیان خواردۆتەوە جار جار وەك فیلمی سینەما دێنە بەرچاوی. جگە لەمانە لەهۆنراوەی (شانزە ساڵ چاوەڕوانی)دا شاعیر ڕوونی دەکاتەوە کە ڕەنجی چەند ساڵەی بەباچووەو بەئاوات نەگەیشتووە.

لەتەك هەموو عەزاب و ژیانی بێ هیوادا

ئەم ڕەنجی ساڵەهایەم ، کەگشت چوو بەبادا ڕازی تەنیایی ل65

## ٤- ڕەشبینی :

خاسیەتێکی تری شیعری ڕۆمانسی ڕەشبینی یە. شاعیران لەزۆربەی بەرهەمەکانیاندا ڕەشبینن و تروسکای ڕوناکیان لەنێو دڵدا نییە. (( لە شیعری هاوچەرخماندا ئاوازی خەم بەتەواوەتی دەستی بەسەردا گرتووە هەتا وای لێ هاتووە بۆتە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش. بەڵکو دەتوانرێ بووترێ کە خەم بۆتە کۆڵەکەی بنچینەیی لەزۆربەی شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا)) (19)ڕەشبینی کەباڵی کێشاوە بەسەر بەرهەمی شاعیرانداو خەم بۆتە تەوەری سەرەکی باسەکەیان (( سەرچاوەی ئەم خەمەش لەوون بوونی پەیوەندی لوجیکی یەوە سەری هەڵداوە. مەبەستم پەیوەندی هۆیەکی نێوان دیاردەکانی بوونە)) (20)پچڕانی پەیوەندی لەنێوان دیاردەکانی گەردوون دا دەبێتە مایەی خەمۆکی و ڕەشبینی لەلای شاعیران. شیعرەکانی هەردیش هەر لەناونیشانی هەندێکیانەوە دیارە کە ڕەشبینی باڵی بەسەریان دا کێشاوە خۆشی دەڵێ ((شاعیرێکی دڵشکاو و ئاوازێکی گریاناوی پڕ لە نائومێدی یە)) (21)قسەکانی شاعیر تروسکاییەك لەڕووناکی تیا بەدی ناکرێت بۆ بەدی هاتنی هیواو ئاواتەکانی بەڵکو هەردەم بەربەستێك هەیە کەڕێگرەو نایەڵێ ئاواتەکانی بێتەدی بۆیە هەردەم دڵشکاو و چاو بەئەسرێنە ((ئەم خاڵەتەش دەقاو دەق بەرهەمی شاعیرێکی ڕۆمانتیکی یە کەبایەخی زۆری بێ سنووری بەسۆز و ئەندێشەداوە، ئازارو ناسۆرەکانی شاعیر دەبێتە هەوێنی ئەم بەهرەیە)) (٢٢). ئەم هەست و سۆزە ناسکەی هەردی لەگەڵ بەسەرچوونی تەمەنیشدا هەر بەردەوامە. لەهۆنراوەی (دڵێکی تێکشکاو)دا کەباش (37 )ساڵ تەواوی کردووە بەسەرسامییەوە لەسەر لووتکەی بەرزی گەنجێتی وەستاوەو بەهەمان هەست و سۆزی ژیانی خۆی دێنێتەوە بەرچاوی.

شریتی چی؟ سەرابا سەرگوزشتەی نائومێدیمە

فیلمی پڕ لەناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە رازی تەنیایی ل 59

نائومێدی و ڕەشبینی بەتەواوی ئاشکرایە بەڵکو هەرەس هێنانی شاعیریشی تیایە چونکە لەژیانیدا جگە لەتەمی ناسۆر شتێکی تر بەدی ناکات. لەهۆنراوەی (شانزەساڵ چاوەدوانی)دا. پاش ئەوەندە ساڵەی ژیانی خۆشەویستی و پڕ لەغەم و پەژارە لەتەك نەمانی سوورای خۆرنشیندا شاعیر ڕەنج و عەزابی ئەم هەموو ساڵەی بەکۆڵ دا داوەو چاوەڕوانی هاتنی شەوەزەنگ دەکات تاکو بەجارێ بیخاتە چاڵی ژیانی پڕ لەسنراوە.

دوێنێ لەتەك نەمانی سوورایی خۆرنشینا
کەشەو هێواشی باڵی کێشا بەسەر زەمینا
تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پڕ لەتاسەو دەروونی گیانی برسیم
بەجارێ نایە چاڵی ژیانی پڕ لەسنراوە
کەشەوقی چەندە گە نجی هەژاری تیا ڕژاوە رازی تەنایی 57 ل27

ئەو پەڕی ڕەشبینی لەنێو وشەکاندا ڕەنگی داوەتەوە چونکە کاتی تەمەنی خۆشەویستی دەخرێتە چاڵەوەو گوم دەکرێت لەبەرچاوان ئەوکاتەیە کە مرۆڤ لەوپەڕی ڕەشبینی دابێ و هەرەسی هێنابێت.

لەو پێنج خشتەکی یەی کەلەسەر غەزەلێکی نوری شێخ سالح دایناوە هەمان شت ڕەشبینی دەردەکەوێت بەتایبەتیش لەبەشی پێنجەمدا.

هەوڵی زۆرم دا لەداوی زولفی ئەوبێ مروەتە
دەرچم و دوایی بهێنم بەم عەزاب و مەینەتە
پێ ی ووتم بێ سوودە هەوڵت تاکو ماوی جێگەتە رازی تەنیایی - 57 – ل25

لەهۆنراوەی (ڕازی تەنیایی)دا ڕەشبینی یەکە زیاتر بەتین دەبێت کاتێ شاعیر بەتەواوەتی لەگشت لایەکەوە هیوا بڕاو دەبێت

دڵی پەستم کەنووزەی دێ بەعاستەم ڕازی پەنهانی
نییە هەر دەنگێ، هیچ نایێ
لەهیچ شوێنێ، لەهیچ لایێ

شەقەی باڵێ، شنەی بایێ                    ڕازی تەنیایی - 57 - ل 20

شاعیر ڕەشبینە تەنانەت گوێ ی بەهیچ دەنگێك نازرینگێتەوە ڕەشبینی یەكە پلە بە پلە زیاتر دەبێت سەرەتا داوای بیستنی دەنگی مرۆڤێك دەكات كەهیوا بڕاو دەبێت شەقەی باڵی مەلێك دەخوازی كەلەوێش بێ هیوا دەبێت شنەی با دەخوازێ بەلاّم لەهیچیاندا هیواكەی بەدی نایەت..

ئەم ڕەشبینییە كەڵەكە دەبێت و لەهۆنراوەی (ئۆباڵی خۆت بەئەستۆی خۆت)ە بەیەكجار دەتەقێتەوە

بەدەستی خۆت كەجامت خستە سەرلێوت غەشیمانە
ئەگەر زەهریشی تێدابوو گوناهی خۆتە بیزانە...
هەڵە یاخود گوناهت كرد، لەكاتێكا كەبێ هۆش
سزاو تالأوی هەرچی بێ ئەبێ وەك بادە بینۆشی..                    ڕازی تەنیایی - 57- ل 28

## ٥- پرسیاری بەلاغی:

خاسیەتێكی تری ڕۆمانسیەت بەكارهێنانی پرسیاری بەلاغی یە. پرسیاری بەلاغیش ئەوەیە كەشاعیر خۆی پرسیاردەكات هەرخۆشی وەلاّم دەداتەوە. هەردیش لەشیعرەكانیدا زۆر بەزەقی ئەم هونەرەی بەكارهێناوە. لەهۆنراوەی (من و تۆ!)دا بە پرسیاری بەلاغی دەست پێ دەكاو دەڵێ:

چ سڕێكت لەناو دڵدا حەشارداوە بە پەنهانی؟
كەچاوت چەشنی ئاوێنە وەهابێ پەردەردە دركانی...                    ڕازی تەنیایی 57 - ل 28

لەهۆنراوەی (دڵێكی تێكشكاو) دا كۆپلەی دووەمی بە پرسیاری بەلاغی دەست پێ دەكات.

شریتی چی؟ سەرەپا سەرگوزشتەی نا ئومێدیمە
فیلمی پڕ لەناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە                    ڕازی - 57 - ل 59

لەهۆنراوەی ( پەیامی یار)یشدا لەكۆپلەی سێیەمی چوار پرسیاری بەلاغی بەكارهێناوە.

چ نامەیێ؟
چ پە نجەیێ چ خامەیێ؟
ئەوەندە دڵ ئەكاتەوە؟!

خەفەت لەبیر ئەباتەوە
ئەخاتە ناخی گیانەوە
تەزووی بەتام...                                 ڕازی تەنیایی ل

## ٦- ڕوداوی کورت و خێرا :

خاسیەتێکی تری ڕۆمانسیەت ئەوەیە کە ڕوداوەکان زۆر کورتن و بەخێرایی تێ دەپەڕن. بەلاّم شاعیری ڕۆمانسی لەو ڕووداوە کورتە لە بچوکترین دیمەن گەورەترین جوانی دەبینێت و جوانترین وێنە دەکێشێ. ئەم ڕووداوە بچووك و کەم خایەنانە لەلای هەردی بەدی دەکرێت. لەهۆنراوەی (چاوەڕوانی بێ هوودە) دا کاتێ شاعیر زۆر بە پەرۆشەوە لەسەر ڕێ ی یارەکەی وەستاوەو چاوەڕوانە کاتێ یار دەردەکەوێت عەبا لەش و لاری دا پۆشیوە لە پڕ با چمکی عەباکەی لادەداو پورزی کچە دەردەکەوێت ئەم دیمەنە لەچرکەیەك زیاتر ناخایەنێ بەلاّم شاعیر سەرنجی ئەوەندە ووردە جوانترین جوانی تیادەبینێ

بەلاّم کاتێ کەبا چمکی عەباکەی لائەدا تادێ
ئەڕێژی پووزی نایابی لەسیحری خوایی لافاوێ                ڕازی تەنیایی 57 – ل17

ئەم کەم مانەوەی ڕووداوە لە پێش هەردیدا لەلای (گۆران)یشدا بەدی دەکرێت

مابووی بگاتە عاستم چەند هەنگاو
دزرێ کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ
دەست و پەنجەو مەچەکێك و نیگایەك
چی بنووسم! خوایە هێزی ئینشایەك دا                دیوانی گۆران – ل35

جگە لەمە ئەوەی زۆر لەیەك نزیکی ئەم دوو هۆنراوە دەردەخات ئەوەیە دوو وێنەی هونەری زور لەیەکچوویان تێدایە.

گۆران دەڵێ :

لەگەڵ ئەوەی لەعەباوە ئالاّ بوو
لەدیمەنی شیرینی ئاشکرابوو                دیوانی گۆران - ل 34

هەردی دەڵێ :-

ئەگەرچی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە
لە ئەندام و لەش و لاری بڵندوڕێکی ... ئالاوە          ڕازی تەنیایی - 57 – ل17

لێرەدا کاریگەری تەواوی گۆران لەسەر ئەم وێنەیەی هەردی دیارە.

## ٧- وێنەی هونەری:

وێنەی هونەری کە ڕەگەزێکە لە ڕەزەکانی شیعر تەنیا تایبەت نییە بەشیعری ڕۆمانسیەت بەڵکو لەشیعر پێش ئەوان و دوای ئەوانیش دا هەیە بەلآم ڕۆمانسیەکان زیاتر گرنگی بەوێنە دەدەن وە بەگەلێ شێواز دروستی دەکەن لەڕێگەی بەکارهێنانی مێتافۆرەوە. هەردیش لەهۆنراوەکانیدا گرنگیەکی زۆری بەوێنەی هونەری داوە لەڕێگەی میتافوری جۆراو جۆرو لێکچواندنەوە دروستیان دەکات وێنەکانی هەردی یەکجار بەرزو ناسکن.

- گۆڕی تەنیایی
- چاوی فێلآویت
- شۆڕشی نائومێدی
- گیانی نا پاکی
- لووتکەی گە نجی
- پە پوولەی ئارەزوو
- تەلاری دڵداری
- تەمی یەئس
- چرای ئاوات

وێنەکان لەسەر بنەمای بەتەن کردن. یا بەرجەستەکردن یاخود تاقەوە بوون دروست بوون(( ئەم وێنەو دەربڕینە شیعرییە جوانانە هەردی دایهێناون هەر ئەمانەیشە رازی تەنیاییان بەتەڕو پاراوی هێشتۆتەوە)) (23)سەرەڕای مێتافۆر شاعیر لەڕێگەی لێکچواندنیشەوە وێنەی هونەری دروست دەکات

فاتیمە دووچاوی مەستت پڕ تەلسیمی جوانییە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە
بەژن و بالاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە

## بەندی دووەم : کاریگەری کۆمەڵەی ئه پۆلۆ لەسەر هەردی

## - کۆمەڵەی ئه پۆلۆ.

**لەدوای ئەو سستییەی کەلەسەردەمی تاریکیدا ئەدەبی عەرەبی بەخۆیەوە بینی لەسەدی نۆزدەهەم دەستی کرد بە بوژانەوە بەهۆی دروست بوونی زانکۆی ئەزهەر لەلایەك وە داگیرکردنی میسر لەلایەن فەرەنسا لەلایەکی ترەوە کەبووە مایەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای میسری دا لەڕووی ئابووری و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاریەوە. ژیان گۆڕانی بەسەرداهات و تێڕوانین بۆ ژیان گۆڕا. ئەزهەر ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بوژاندنەوەی ئەدەبی عەرەبیدا. لە پاڵ بایەخدان بەئەدەبی کۆن بە تێڕوانینێکی نوێ سەیری ئەدەب دەکرا. لەم سەردەمەدا (( ژیانی ئەدەبی دوو بزوتنەوەی ئەدەبی گەورەی بەخۆوە بینی. بزوتنەوەی (ژیاندنەوە) کە (بارودی) نوێنەرایەتی دەکردو بەردەوام بوو بو (شوقی حافڤ و عبدالمگلب) و بزوتنەوەی تازەگەری کەبەرەنگاری بزوتنەوەی یەکەم دەبووەوە لەسەروی ئەم بزوتنەوەیە (عقاد و مازنی و عبدلرحمن شکری) بوون )) (24) .**

**ئەم دوو بزوتنەوەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی هەوڵیان دەداو دەیانویست شکۆمەندیەکەی پێشووی ئەدەبی عەرەبی بگەڕێننەوە (( لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵەی (الدیوان) شۆڕشیان بەسەر کۆن دا کردو بیرو بۆچوونی و پێوەری تازەیان خستەڕوو کەباوەڕیان پیٚ ی بوو هەوڵیان دەدا بەکاری بێنن لەرێ ی تازەکردنەوەدا کەچی لەسەر شێوازی کۆن شیعریان دادەناو لەزۆر شیعرەکانیادا لاساییان دەکردەوە گەلی چامەی درێژیان هۆنیەوە. خۆیان بەتەواوەتی بەشێوەو قالبی چامەوە دەبەستەوەو پارێزگاریان لەسەروا دەکردو سووربوون لەسەر یەکیەتی چامەکە)) )25) .**

**لەم سەردەمەو لەوبارودۆخەدا (د. احمد زکی ابو شادی) لەساڵی ١٩٣٢دا کۆمەڵەی ئه پۆلۆی دامەزرادن و گۆڤاری (ئه پۆلۆ)یان لەساڵی ١٩٣٢- ١٩٣٤ دەرکرد. ئەم گۆڤارە گەلیٚ شیعری شاعیرانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و میسری بەتایبەتی دەگرتەخۆ، یەکەم ژمارەی لەسێبتەمبەری ساڵی ١٩٣٢ دەرچوو. سەرنووسەری (ابو شادی)بوو. کۆمەڵەی ئه پۆلۆ (احمد شوقی) یان بەسەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژارد، بەلآم لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ کۆچی دوایی کرد. ئینجا (خلیل مگران) بوو بەسەرۆکی کۆمەڵەکە. ئەم کۆمەڵەیە گەلیٚ شاعیری لەباوەش گرتبوو**

لەوانە: احمد الشايب، د. ابراهيم ناجى، على محمود گە، صالح جودت، حسن كامل الصيرفى، عبدالعزيز عتيق و گەلێکی تر.
ئەم کۆمەڵەیە (( لەسەر بنچینەی ڕێبازێکی شیعری یان ئەدەبی دیاری کراودروست نەبوو بوو، بەڵکو لەسەر شێوازی کۆمەڵە ڕۆشنبیری یەکانی میسر وەکو (نادي القصة) و (رابطة الادب الحديث) و (جامع ادباء العروبة) دروست ببوو. ئەندامەکان لەناو گەلێ ڕێبازو ئاراستەی ئەدەبی و شیعری جیاواز کۆکرابوونەوە ئەمەش ئاراستەی ئەم کۆمەڵەیە دەگەیەنێ کەبەرەو ئەو ئامانجە دەچوو کە (ابو شادى) دیاری کردبوو کەدوور بوو لەچوونە پاڵ هیچ ئاراستەیەکی شیعری)) (26)ئەمانە هەوڵیان دەدا.
شاعیرەکان بەشێوەیەکی ڕاست ئارستە بکەن و شیعری عەرەبی بگەیەنێتە ئاستی شیعری جیهانی و ئاستی ژیانی شاعیران لەڕووی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ماددیەوە بەرزبکاتەوەو پشتگیریان بکات. (( هەرچەندە ئەپۆلۆ قوتابخانەیەکی ئەدەبی یەکگرتوو یاخود ڕێبازێکی هونەری خاوەن یەك دەستوورو ڕێبازو سیفەت نەبوو، بەلاّم ئەم دەبینین ئەو بارە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلاّیەتییە خراپەی کە زۆربەی شاعیرانی ئەپۆلۆ بەسەریان دەبرد، هەروەها ئەو جەورو زۆرداریيەی حکومەت و نەبوونی دەربڕینی ئازاد لەناو گەلی میسری دا هەموو ئەمانە بوونە مایەی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیەت)) (27)بەم جۆرە شاعیران ڕوویان کردە سروشت و ئێش و ئازارەکانی خۆیان دەربڕی. شیعرەکانیان بریتی بوو لەنائومێدی و ڕەشبینی و گلەی لەژیان. سۆزێکی گریاناوی باڵی بەسەریاندا کێشابوو. ئەمانە بانگێشەی تازەکردنەوەی شیعری عەرەبیان دەکرد. سەرفرازبوون لەوێنەو قالب و واژە کۆنە تەقلیدی یەکان. داوای سەربەخۆی کەسیەتی ئەدەبییان دەکرد لە پێناوی داهێنان و دوورکەوتنەوە لەلاسایی کردنەوە. دوورکەوتنە لەمەبەستەکانی شیعری کۆن و ڕامیاری و کۆمەلاّیەتی یەکان. ڕزگاربوون لەسەرواو هاتنەکایەی شێوازی تازە.

## کاریگەری شاعیرانی کۆمەڵەی ئەپۆلۆ لەسەر هەردی:

کاریگەری شاعیران لەسەر یەکتر شتێکی باوەو لەکۆنەوە هەبووەو هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. هەستی ناسکی شاعیر هەموو شتێکی جوان کاریگەری لەسەرجێ دێڵێ. نەخوازە لاشیعرێکی ناسك و جوان، هیچ شاعیرێك نییە کە کاریگەری شاعیرێکی تری پێش

خۆی یا سەردەمی خۆی بەسەرەوە نەبێ. جا ئەو کاریگەرییە لەوانە لەشیعرەکانیدا ڕەنگ بداتەوە لەوانەشە ڕەنگ نەداتەوە... هەردیش کەلە (( ساڵی ١٩٢٢ لەگەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٣٠دا چۆتە بەر خوێندنی قوتابخانە))(28) دیارە کاریگەری کەسانی تری بەسەرەوەیە سەرەتا ئەوشتانەی باوکی بۆی دەگێڕایەوە(( تاساڵی ١٩٣٥ - ١٩٣٧ لەژێر کاریگەری باوکی ماوەتەوە ئیتر لەو ساڵانەوە چرۆی بەهرەی شیعری بەدیار کەوتووە..... ساڵی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ دەساڵی گرنگ و زەمینەیەکی گونجاوە بۆ هەردی لەڕووی خوێندن و پەروەردەو فێرکردنەوە لەڕووی لاسایی و کەوتنە ژێرکاریگەری مامۆستاو شاعیرەکانی ئەو دەمە))(29) دیارە گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد کاریگەریان لەسەر هەبووەو سەرەتای دەست پێکردنی قۆناغی دووەمی شیعری بۆ چلەکان دەگەڕێتەوە ئەویش شیعری (ئەی دیدە پەری)یە. شاعیرانی باشوری کوردستان لەبەر ئەوەی زمانی سەرەکی حکومەتی مەرکەزی عەرەبی یەو کەناڵە ڕۆشنبیریەکان عەرەبین بۆیە زیاتر ئاگاداری ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبین و شارەزاییان لێی هەیە. هەردیش وەك شاعیرو ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی ئاگاداری تەواوی ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی بوو (( لەساڵانی ١٩٣٨ - ١٩٣٩دا ئەو سەرچاوانەبوون بەڕێنمایی کەری بەتایبەتیش کەلەبەر خوێندنی (دار المعلمين) ڕوودەکاتە بەغداو ئیتر لەوێ ئاشنای دنیایەکی نوێی ئەدەب دەبێت))(30) لەوێدا هەردی شارەزایەکی تەواو لەشیعری تازەی عەرەبی پەیدا دەکات (( لەبیرم بێ سەرەتا لە (منفلوطي)یەوە دەستم پێکرد کە نووسەرێکی میسری یوو.... ئینجا چووم بۆ کتێبەکانی جبران و شاعیرانی مەهجەر ئەمانە بەشێوەیەکی ئاسان و ڕەوان ئەیاننووسی هەرلەدوای جوبران زۆرتری نووسینەکانی (میخائیل نعيمة)م لاپەسەندبوو لەساڵی ١٩٣٨ - ١٩٣٩ کتێبی (الغربال)م خوێندەوە هەر لەو دەورانەدا گۆڤاری (الرسالة)م دەستکەوت و موتالای ئەمانە باری سەرنجیان دەربارەی شیعر گۆڕیم.))(31) دیارە جگە لەم سەرچاوانە گۆڤاری (هیلال) و (ئەپۆلۆ)ش لەگەڵ دیوانی شاعیرانی ئەپۆلۆ لەکتێبخانەکانی بەغدا چنگ کەوتوون. هەردی ئاگاداری تەواوی بەرهەمی شاعیرە تازەگەرەکان بووەو چێژی لەشیعرەکانیان وەرگرتووەو پێیان کاریگەربووە. زۆرجار کاریگەریەکە لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم کاریگەریەش دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری و لەئەدەبی بەراوردکاریش دەکەوێتە قوتابخانەی فرەنسی چونکە.

١- کاریگەرو کارتێکراو هەیە.

٢- کاریگەری یەکە لەنێوان دووزمانی جیاوازە عەرەبی - کوردی.

٣- کەناڵێك لەنێوانیاندا هەیە ئەویش گۆڤارو دیوانی شاعیرەکانن.

کاریگەری هەردی بەم شاعیرانە لەخۆڕایی نەبووە بەڵکو چەند هۆکارێکی خۆی هەیە.
١- هەردی شاعیرێکی هەست ناسکی خەیاڵ بەرزی ڕۆمانسی یە. کۆمەڵەی ئەپۆلۆش ڕۆمانسیەت باڵی بەسەردا کێشاوە.
٢- هەردی شاعیرێکی بێ ئومێدو هیوا بڕاوە زۆربەی شاعیرانی ئەپۆلۆش بێ ئومێدو ڕەشبینن چونکە خاسیەتێکی ڕۆمانسییە.
٣- ئەو بارو دۆخە ئاڵۆزەی کەلەناوەڕاستی چلەکاندا کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی پێیدا تێپەڕی
وای کرد کە ئەو ویست و ئارەزوانەی شاعیر هەی بوو نەیەتەدی بۆیە ڕووی کردە سروشت بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەی لەواقع نەی توانی بەدەستی بێنێ لەسروشتی دەستگیری بکات. بارودۆحی شاعیرانی ئەپۆلۆش زۆر ئاڵۆزو نالەباربووە (( کۆمەڵگای میسری بەبارو دۆخێکی ناخۆش و شێواودا تێ دەپەڕی لەم بارودۆخەدا کۆمەڵەی ئەپۆلۆ لەدایك بوو. خۆیان بەسەرلێشێواوی و سەرگەردانی بینین هەستیان بەون بوون، ڕووخان و ئێش و ئازار دەکرد، دابڕان بیریان لەژیان دەکردەوەو پرسیاری دواڕۆژیان دەکرد. بەرەو باوەشی سروشت هەلاتن))(32)بۆ ئەوەی ئێش و ئازارەکانیان لەسروشت ببیننەوە.. جگە لەمە ژیانی زۆربەی شاعیرانی ئەپۆلۆ لەژیانی هەردی دەچوو بەتایبەتی (علي محمود طه) کەگەلی خالی هاوبەش لەنێوان ئەو هەردیدا هەیە.
ئەمانە هەمووی وای کرد هەردی ئێش و ئازاری ئەوان بەهی خۆی بزانی چێژ لەشیعرەکانیان وەرگری و کاری تێ بکەن و لەهەندێ لەشیعرەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە... لێرەدا تەنیا دووشاعیری ئەم کۆمەڵەیە وەردەگرین (علي محمود طه) و (د. ابراهیم ناجي) شیعرەکانیان لەگەڵ شیعری هەردی بەراورد دەکەین.

- **علي محمود طه المهندس:** لەساڵی ١٩٠٢ لەشارۆچکەی (منصوره) لەدایك بووە، لەخێزانێکی مام ناوەندی ڕۆشنبیر. ڕێگای خوێندن کورت دەکاتەوەو لەناوەندی ڕادەچێتە (قوتابخانەی هونەرە پراکتیکی یەکان) لەساڵی ١٩٢٤ بڕوانامە وەردەگرێ و لەشارۆچکەکەی خۆی دادەمەزرێت. شاعیر لەمنداڵییەوە دایکی لەدەست داوە بۆیە نەمانی ئەم سۆزە بۆشایەکی گەورەی لە ژیانیدا دروست کردووە. تا دوا ڕۆژانی ژیانی هەوڵی داوە ئەم بۆشاییە پڕ بەکاتەوە، بەلام بۆی نەکراوە چونکە ((ژنی دۆزییەوە لەکراسی دۆست دا. لەکراسی هاوڕێ دا بەلام نەگەیشتە ژنێك لە کراسی دایك دا... ئەو ژنەی کە دەی توانی ئەو پەڵە بەتاڵەی ناو دەرونی پڕبکاتەوە)) (٣٣) بەبەردەوامی بەدوای سێبەری ئەو دایکەدا دەگەڕا لەوێنەی هاوسەرێکا. هاوسەرێك کەبەشداری ژیانی بکاو هەتیوی لەبیر بباتەوە(( بەم هیوایە کەوتە داوی کچێکەوە

وا مەزەندەی کرد ئاواتەکەی نزیك بووە بێتەدی بەڵام لەم خەو خەیاڵە بەئاگاهاتەوە کاتێ زانی کچەکە بەدەستگیرانە)) (34) بەم جۆرە ئاواتەکەی بەتەواوەتی کەوتە ژێر گڵەوە شاعیر هەوڵی داوە لەشیعرەکانیدا ئەم ئێش و ئازارە هەلڕێژێ. لەساڵی ١٩١٨ چامەیەك لە ڕۆژنامەی (السفور) بلاَّودەکاتەوە.

لەساڵی ١٩٣٨دا گەشتێك دەکات بەرەو ئیتالیا. لەدوای ئەو بۆ سویسراو نەمساو ولاَّتانی تر چەند وەزیفەیەکی تر دەبینین لەگەڵ کچانی ئەو ولاَّتانە پەیوەدنی پەیدا دەکات ڕادەبوێری لەگەڵ ئەوەشدا بۆشایەکەی ژیانی هەردەمێنی. لەساڵی ١٩٤٩ دا بۆ دواجار چاوی لێك دەنێ و ئەم جیهانە جێ دێلێ. شاعیر لەدیوانی( الملاح التائه) کە لەساڵی ١٩٣٤ دا چاپی کردووە چامەیەکی هەیە بەناوی (الانتظار) کە (٢٢) دێرە شیعرە

إنتظار

طال انتظارك في الظلام ولم تزل
عيناي ترقب كل طيف عابر
ويطير سمعي صوب كل مرنة
في الأفق تخفق عن جناحي طائر
وترف روحي فوق أنفاس الربيَ
فلعلها نفس الحبيب الزائر
و يخفق قلبي إثر كل شعاعة
في الليل تومض عن شهابي غائر
فلعل من لمحات ثغرك بارق
ولعله وضح الجبين الناضر
ليل من الأوهام طال سهاده
بين الجويَ المضني وهجس الخاطر
حتيَ إذا هتفت بمقدمك المنيَ
وأصخت أسترعي انتباهة حائر
وسريَ النسيم من الخمائل والربيَ
نشوان يعبق من شذاك العاطر
وترنم الوادي بسلسل مائه
وتلت حمائمه نشيد الصافر
حيري تعجب للربيع الباكر

وجريَ شعاع البدر حولك راقصا
طربا عليَ المسرح النضير الزاهر
وتجلت الدنيا كأبهج ما رأت
عين وصورها خيال الشاعر

ومضت تكذبني الظنون فأنثني
متسمعا دقات قلبي الثائر
أقبلت بالبسمات تملأ خاطري
سحرا وأملأ من جمالك ناظري
أوظلنا الصمت الرهيب ونحن في
شكي من الدنيا وحلم ساحر
حتيَ إذا حان الرحيل هتفت بي
فوقفت واستبقت خطاك نواظري
وصرخت بالليل المودع باكيا
ويداك تمسك بي وأنت مغادري
ياليتنا لم نصح منك وليتها
ما أعجلتك رحيَ الزمان الدائر
** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** **
ولقد أتت بعد الليالي وانقضت
وكأننا في الدهر لم نتزاور
بدلت من عطف لديك ورقة
بحنين مهجور وقوة هاجر
وكأنني ماكنت الفك في الصبا
يوما ولاكنت الحياة مشاطري
ونسيت أنت، ومانسيت، وانني
لأعيش بالذكريَ .. لعلك ذاكري

الملاح التائه .ص١٧٠

ئەحمەد هەردیش لەڕازی تەنیایی دا شیعرێکی هەیە بەناوی ( چاوەڕوانی بێ هوودە)یە لەساڵی ١٩٥١ لەسلێمانی دایناوە بریتی یە لە (18) دێرە شیعر.

## چاوەڕوانی بێ هوودە

**هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و بالآیە**
**لەسەر ڕێیدا ئەوەستم من، هەتاکو ئاوی پێم دایە!**
**بەدوو چاوێ کەشەوقی چاوەڕوانی ئەیتروکێنێ**
**بەدووچاوێ کەس ڕړی قووڵی لاوێتی، ئەدرکێنێ**
**سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕێگا، هەموو شێوەی ئەوی تیایە**
**وەکو دنیا لەناوجوانی ئەوا تواپێتەوە، .... وایە**
**شنەی با، باسی جوانی ی ئەو، بەگوێی مندا ئەچرپێنێ**
**هەموو دەرکەوتنی شۆخێ، دڵی من دا ئەخورپێنێ**
**بەلآم خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە**
**کەسەرتاپا لە ئاوازی بەهەشتی خواوە .... پەیدایە**
**بەڵێ! کاتێ (( کە ئەو دەرکەوت، ئیتر من بێ سەروشوێنم))**
**بەتیشکی خۆری جوانیی ئەو، بەجارێ قوڵپ ئەدا خوێنم**
**وەکو چۆن نەو نەمامێ، گەردەلوول ئەپیات و ئەیهێنێ**
**لەشم موچڕکی دڵداری، وەها ناخی ئەبزوێنێ!**
**ئەگەرچی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە (١)**
**لە ئەندام و لەش و لاری بڵندوڕێکی .... ئالآوە**
**بەلآم کاتێ کەبا چمکی عەباکەی لائەدا، تاوێ**
**ئەڕێژێ پووزی نایابی، لەسیحری خوایی، لافاوێ** **سلێمانی/ 1951 ڕازی تەنیایی**
**ل٧٧**

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**ئەم دوو هۆنراوەیە زۆر لەیەکەوە نزیکن وەلەگەلێ ڕووەوە لەیەك دەچن.**

**١- ناونیشان/ هەردوو هۆنراوەکە یەکە. یەکەم بەناوی (الانتظار) دووەم بەناوی (چاوەڕوانی بێ هوودەیە) تەنیا ئەوەندەیە هەردی ووشەی (بێ هوودە)ی خستۆتە سەر. واتە بێ سوود.**

**٢- بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە یەکە ئەویش چاوەڕوانی یە. هەردوو شاعیر چاوەڕوانی یارەکانیانن بۆماوەیەکی درێژ خایەن هەردووکیان زۆر بە پەرۆشن بۆهاتنی یار. زۆربەی هەستەکانیان لەم چاوەڕوانی یەدا بەشدارن.**

**٣- کات:**

**لەشیعری (علي محمود طه) کات شەوە**
**طال انتظارك في الظلام ولم تزل**

**عينايي ترقب كل طيف عابر**

**لەشيعرەكەی هەرديدا كات ڕۆژە.**

**هەموو ڕۆژێ لەبەر سەيری بتی ئەو بەژن و بالآيە**

**لەسەر ڕێیدا ئەوەستم من، هەتاكو ئاوی پێم دايە.**

**4- شوێن:**

**لەلای (علی محمود طه) شوێنی چاوەڕوانی سەرە ڕێگايە. هەرچەندە ڕاستەوخۆ ناويشی نەهێناوە بەلآم لەوەدا دەردەكەوێت كە شاعير چاوی لە ئاست هەموو ئەوشتانەی كەڕەت دەبن ئەبلەق ماوە.**

**عيناتي ترقب كل طيف عابر**

**لەلای هەرديش شوێنەكە بە ئاشكرای ديارە سەرە ڕێگايە هەموو ڕۆژێ هەردی لەسەر ڕێ ی يارەكەی دەوەستێ كاتێ كە دەچێت بۆسەر كارەكەی.**

**لەسەر ڕێیدا ئەوەستم من، تاكو ئاوی پێم وايە.**

**٥ - لە ڕووی سايكۆلۆجی يەوە.**

**هەردوو شاعير لە دڵەڕاوكێدا دەژين. دڵنيانين لە نێوان هاتن و نەهاتنی يار هەردووك لە بارێكی دەرونی خراپ دەژين و تووشی هەژانێكی توند بوون. سوورن لەسەر شتێكی گران بەها ئەويش يارە، دەترسێن لە دەستيان بچێ. لە دەست دانيان فەراغێكی گەورە دروست دەكات ئەمەش هەستێكی ئاسايی يە لەلايەن ئەو كەسانەی كە پەيوەنديان بە تاكە ژنێكەوە هەيە. چونكە لە كۆمەڵگای هەردوو شاعيرەكاندا وە بە تايبەتيش لەو سەردەمەدا خۆشەويستی شتێكی پيرۆز بووە.**

**ڕێگەی شتی تر گيرابوو بە پێچەوانەی كۆمەڵگا ڕۆژ ئاواييەكان كە ئاسايی بووە. بۆيە ون بوونی خۆشەويتسيەكانيان فەراغێكی گەورەی دروست دەكرد. هەروەك لە دوايشدا لە ژيانی هەردوو شاعيردا دروست بووە.**

**٦ - خود.**

**لە هەردوو شيعرەكەدا خود ڕۆڵی سەرەكی دەبينێ شاعيرەكان خۆيان كەسی يەكەمن.**

**٧ - بەشداريكردنی هەستەكان.**

**(علی محمود طه) ئەوەندە بە پەرۆشەوە. بڕوای بە چاوەكانی ناكات. ياخود بڵێين چاوەكانی بەش ناكات بۆيە پەنا دەباتە بەر گوێ بەڵكو ئەوەی چاو نايينێ گوێ هەستی پێ بكات.**

ويطير سمعي صوب كل مرنة.
في الافق تخفق عن جناحي طائر .
شاعير به جۆرێك گوێی هەلخستووە تەنانەت لەگەڵ ووشەی باڵی مەلەكانیشدا قولاغەو دڵی دادە خورپێ.
هەردیش پەنا دەباتە بەر گوێ و چاوەڕوانی شنەی شەماڵە جوان یارەكەی بە گوێدا بچرپێنێ.
شنەی با باسی جوانی ئەو بە گوێی مندا ئەچرپێنێ.
هەموو دەركەوتنی شۆخی دڵی من دا ئەخورپێنێ
لێرەدا یار دەرنەكەوتووە تا شاعیر ببینێ، بەلام گوێیەكانی ئەوەندە هەستیارن لە شنەی باوە جوانی دەبیستن.
٧ ـ دووبارە بوونەوەی چاوەڕوانی لەلای هەردووكیان دووبارە بوونەوەی چاوەڕوانی ئاشكرایە.
لەلای ( علی محمود طه) چاوەروانی یەكە چەندە هاشەو دووبارە دەبێتەوە
ولقد اتت بعد الليالي وانقضت.
هەردیش هەموو رۆژێ لەسەر رێگا چاوەڕوانە
هەموو رۆژێ لله بەر سەری بتی ئەو بەژن و بالایە
لەسار رێیدا ئەوەستم من، هەتاكو ئاوی پێم دایە!
٨ ـ بێ ئاكامی چاوەڕوانییەكە.
وەكو هەموو رۆمانیسیەك هەردوو شاعیر باسی بێ ئاكامی خۆشەویستییەكان دەكەن.
( علی محمود طه) دەڵێ وەك ئەوە وایە یەكترمان نەدی بێ و لەگەڵ یەك نە ژیابین
وكانني ماكنت الفك في الصبا
يوما ولا كنت الحياة مشاطري
هەردی لە پێشكی شیعرەكەیدا دەڵێ (( پێشكەشی ئەو جوانە نازدارە بێت كە هەموو رۆژێك لەسەر رێیا ئەچەقیم بێ ئەوەی ئاوڕێكم لێ بداتەوە....)) (35)
٩ ـ بەبەرۆشی
بە پەرۆشی چاوەڕوانی لەلای هەردووكیان زۆر ئاشكرایە ( علی محمود طه) ئەوەندە بە پەرۆشە گیانی لەسەر شنە بای بەرزاییەكانەوە هەڵدەفرێ بەڵكو ئەمە هەناسەی یاربێت.
وترف روحي فوق انفاس الربي
فلعلها نفس الحبيب الزائر
لەلای هەردیش هەرچی شتێكی جوان لەسەر رێگادا هەیە شێوەی یاری پێوەیە. یاخود جوانی یاری تیا دەبینێ وەكو ئەوەوایە جوانی دنیا لە جوانی یارەوە وەرگیرابێ.

سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکو دنیا لە ناو جوانی ئەوا تواپێتەوە... وایە.
لەلای (علی محمود طە) ش جوانی یارەکەی و ئەستێرەکان تێکەڵ بوون بۆیە لەگەڵ تیشکی ئەسترە دارژاوەکان دڵی دادەخورپێ و تووشی دڵە کوتێ دەبێت.
ویخفق قلبي اثر كل شعاعة
في الليل تومض عن شهاب غائر
هەردیش هەر جوانی دەردەکەوێ وا دەزانێ یارەکەیەتی و دڵی بەخێرای لێ دەدات هەموو دەرکەوتنی شۆخی دڵی من دادە خورپێنێ.
(علی محمود طە) وێڵ و سەگەردانە لەو شەوەدا چاوەکان بەدوای گشت تارامایەکدا وێڵەو وادەزانێ یارە.
عيناتي ترقب كل طيف عابر

هەردیش نیگاکانی دەکەوێتە سەر هەر جوانێك لەو ڕێگەیەدا وا دەزانێ یارە
سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە.
کاتی ئاوات هەواڵی هاتنی یار بە ٠(علی محمود طە) دەگەیەنێ بە قایمی
دڵی وێڵ و سەرگەردانیش ئاگادار دەکاتەوە
حتي انا تفت بمقدمك المني
واصخت استرعي انتباهة حائر
هەردیش کاتی دەرکەوتنی یار ئاگای لە خۆی نامێنێ.
بەڵێ کاتێ کە ئەو دەرکەوت ئیتر من بێ سەرو شوێنم
بەتیشکی خۆری جوانی ئەو، بە جارێ قولب ئەدا خوێنم
لەلای (علی محمود طە) ددانە مرواریەکانی یار برشنگ ئەدەن لەم شەوە تاریکەدا. یاخود ڕووی پڕشنگداریەتی کەوا دڵی داخورپاندووە

فلعل من لمحات ثغرك بارق
ولعلة وضح الجيبن الناصر
لەلای هەردیش ڕووی یار کە وەك خۆری پڕشنگدارە هەردی بەم تیشکە هەڵدەچێ و خوێنی قوڵپ ئەدا.
بەتیشکی خۆری جوانی ئەو بە جارێ قوڵپ ئەدا خوێنم

( علی محمود طه )لەگەڵ دەرکەوتنی یار لێوی بەخەندەی هەست و هۆشی پڕ دەبێت لە ئەفسون و چاوەکانیش تێر دەبن لە جوانی یار

اقبلت بالبسمات تملأ خاطري

سحرا واملا من جمالك ناظري

هەردیش کاتی کە با چمکی عەبای یار لا دەبات و پوزی دەردەکەوێت جوانی ئەم پووزە هەردی لەناو لافاوی ئەفسونی خۆیدا ون دەکات.

بەلام کاتیٚ کە باچمکی عەباکەی لا ئەدا تاویٚ

ئەرێژیٚ پووزی نایابی لە سیحری خوایی لافاویٚ.

لەلای ( علی محمود طه ) کات شەوە تاریکی بالی بەسەر زەمیندا کێشاوە دەرکەوتنی یار وەکو پرشنگ وایە کراسی تاریکیی دادەریٚ و گشت لایەك رووناك دەکاتەوە.

وجري شعاع البدر حولك راقصا

طرابا علي المسرح النضير الزاهير

هەر چەندە لەلای هەردی کات رۆژە بەلاٚم لە بری تاریکی شەو یارەکەی لەناو عەبادا شاردۆتەوە، بە خەیاڵی خۆی جوانی ئەو لەش و لارەی یار لەناو عەبادا وێنە دەکێشیٚ.

ئەگەرچی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە

لە ئەندام و لەش و لاری بڵندو رێکی .. ئالاٚو

لە خستنە رووی ئەم چەند لایەنەی دوو هۆنراوەکەدا دەردەکەوێت کە لە یەکچوونێکی یەکجار زۆر لە نێوانیاندا هەیە لەگەڵ چەند جیاوازییەکی کەم. دیارە شیعرەکەی ( علی محمود طه ) زۆر پێش شیعرەکەی هەردی دانراوە. کاریگەری شیعرەکەی ( علی محمود طه ) زۆر بە ئاشکرای لەسەر شیعرەکەی هەردی دیارە، بەلام هەردی زۆر وەستایانە سوودی بینیوە بە هەستێکی ناسك و دلێکی پر لە جۆش هۆنراوەکەی داناوە تا بعێکی رەسەنایەتی پیٚ بەخشیووە. بۆیە دەتوانین بڵێین شیعرەکەی هەردی هەرچەندە لە ژێر کاریگەری ئەم شیعرەی ( علی محمود طه ) ووتراوە. نەك تەنیا لە ئاستی ئەو دایە بەڵکو گەلێك ناسکتر و بە پێز ترە.

- ( علی محمود طه ) هۆنراوەیەکی تری هەیە بەناوی ( بحيرة كومو ) چامەیەکە بریتییە لە ( ٦٦ ) دێر. ئەم شیعرەی هەروەك لە پێشەکی شیعرەکەدا ئاماژەی پیٚ کراوە لەسەر دەریاچەی ( کومو ) لە ئیتالیا بۆ کچە نووسەرێکی ئەمریکی داناوە لە کۆپلەیەکدا دەڵێت.

ما تسرين؟ افصحي ان في عينك الخبر

الغريبان هنـــــا ليس يجديهماالحذر

نحن روحانا عاصفا ن وجسمان من سقر

فاعذري الروح ان طغي واعذري الجسم ان ثار الصومعة والشرفة الحمراء ص٤٦٠

هەردیش لە هۆنراوەی ( خەرمانە )دا کەلە چاپی یەکەم بەناوی ( من و تۆ ) بە ( ٧ ) دێڕە دەڵێ.

چ سرێکت لەناو دڵدا حەشارداوە بە پەنهانی؟

کە چاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکانی

ئەزانم دڵ هەیە وەك مس کە ژەنگ دێنێ بە ئاسانی

دڵی تۆ زێڕی تێزابە لە کوێوە ژەنگی هەڵهانی. ڕازی تەنیایی ل٤٨

ئەم دوو شیعرە لە چەند لایەکەوە لەیەك دەچن.

١ ـ بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە بوونی نهێنییەکە لەلای کچەکە.

ئەم نهێنییەی لەناو دڵی دا حەشار داوە. بەڵام نهێنییەکە لە چاوانیدا بەیانی داوەو چاوەکانی بوونەتە ئاوێنەو ئەم نهێنییەیان ئاشکرا کردووە.

٢ ـ ئەو وێنەیەی کە ( علی محمود طه ) کێشاویەتی هەمان شت لەلای هەردی کێشراوە. دەتوانین بڵێین هەردووکیان یەك وێنەن

ماتسرین؟ افصحي ان في عينك الخبر

چ سرێکت لەناو دڵدا حەشادرداوە بە پەنهانی؟

کە چاوت چەشنی ئاوێنە وەهابێ پەردە درکانی.

لە هەردوو وێنەکەدا نهێنی یەکە لە دڵی کچەکە حەشارداوە ڕاستی نهێنییەکە لە چاوەکانید ئاشکرا بوون.

٣ ـ دەمەتەقێیەکە لە نێوان دوو کەس دایە ئەوانیش عاشق و مەعشوق ( من وتۆ ) خۆزگە هەردی ناوی هۆنراوەکە نە گۆڕییایە

نحن روحان عاصفا ن وجسمان من سقر

هەردی جگە لە ناوی شیعرەکەی ڕاناوەکانی کە بەکاری هێناوە ئەمە دەگەیەنێ.

ئەزانم دڵ هەیە وەك مس کە ژەنگ دێنێ بە ئاسانی

دڵی تۆ زێڕی تێزابە لە کوێوە ژەنگی هەڵهانی

کاریگەری شیعرەکەی ( علی محمود طه ) بە تەواوەتی ئاشکرا بە بەتایبەتیش لە دوو دێڕی یەکەمدا.

ـ ( علی محمود طه ) چامەیەکی هەیە بەناوی ( قلبی ) ( ٦٥ ) دێرە روو دەکاتە دڵی خۆی و، سەربردەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن دلێکی پڕ لە خۆشی و شادی هەبووە. ئەستێرەی ژیانی پڕشنگی داوەتەوە.
کەچی لە پڕ بۆی دەردەکەوێت ئەمە هەمووی دوور بووە لە راستی چونکە ئەو بەڵێنانەی کە پێی درابوو هەمووی درۆ بوو. شاعیر باسی بێ ئاکامی دڵداری خۆی دەکات. بەدلێکی پڕ لە زام تاڵی فەشەڵ هێنا دەچێژێ ئەم گەردوونەی لێ تەنگ بووەو بێ کەس ماوەتەوە.

قلبي

وصحوت من وهم ومن خجل فاذا جراحك كلهن دم
لجت عليك مرارة الفشل ومشيَ يحز ويتنك الالم!
.......
والارض ضاقت فضاؤها الرحب وخلت فلا اهل ولا سكن
حال الهويَ وتفرق الصحب وبقيت وحدك انت والزمن الصومعه والشرفة الحمراء ص٤٢٥

هەردیش هۆنراوەیەکی هەیە بەناوی ( دلێکی تێکشاو..١ )
بریتییە لە ( ٣٣ ) دێڕە شیعر شاعیر لەسەر لووتکەی بەرزی گەنجی وەستاوە و رابردووی خۆی دێتەوە بەرچاو رابردوویێکی تاڵ و پڕ لە ئێش و ئازار باسی ئەو دڵمەمان بۆ دەکات کە چۆن لە رابردوودا شوێن هیواو ئاوات و گڕی ئەوین بووە.. بەڵام ئەو چەن ساڵەی کە خەریکی بنیات نانی ئەو ویستەی بوو لە پڕ گەردەلوولێ کۆشکی ئەوینی دەڕووخێنێ.
کەچی ئەو کۆشکی چەند ساڵەی دڵم بنچینەکەی دانا
بەتەنیا گەردەلولێکی ( نەهاتی ) چوو بە ئاسمانا...!
هەموو ئەو نیازو ئاواتەی لەناو ناحی دەروونابوو
لە داخی بێ بەڵێنی ئەو بەجاری تەفرو توونابوو..!
بەڵام کاتی بە خۆم زانی بەهاری پڕ ئەوین ڕۆیی
خەوو ئاواتی چەند ساڵەو بەڵێنی پێ گەیین ڕۆیی..!
بەڵێ ئێستا ئەوی جێ ماوە بۆمن یادگارێکە..!
بەسەرهاتی دڵی ووردو بەسەر چوونی بەهارێکە رازی تەنیای ل٥٨
ئەم دوو شیعرە لە یەکچوونێکی زۆر لە نوێانیاندا هەیە.
١ ـ هەردوو هۆنراوەکە ناونیشانیان یەکە ( قلبی ) وە ( دلێکی تێکشکاو..١ ) لەلای هەردی تەنیا

سیفەتی تێکشکاوی بۆ زیاد کراوە.
٢ ـ لە رووی بیرۆکەوە هەردووکیان بابەتەکەیان گێرانەوەی رۆژانی رابردووە کە ویستوویانە کۆشکی ئەوین بنیات بنێن، بەلام لە پڕ بەئاگا دێنەوە کە ئەو کۆشکەی بنیاتیان ناوە بنچینەکەی لە بۆیە لەگەڵ یەکەم گەردەلوول دا رماوە و بەتەنیای ماونەتەوە و لە دلّداریەکەیاندا بە ئاکام نەگەیشتوون.
٣- لەهەردوو هۆنراوەکەدا دڵەڕاوکێ بەدی دەکرێت.
٤- کۆتای هەردووکیان تەنایی و بێ کەسی یە. تەنیا یادگارەکانیان بۆ ماوەتەوە.
هۆنراوەکەی هەردی کاریگەری هۆنراوەکەی (علی محمود گە)ی بەئاشکرای پێوە دیارە بەتایبەتیش ئەم چەند دێڕەی کەخستوومانەتە ڕوو زۆر لەیەکتر نزیکن.
لەم هۆنراوانەدا دەردەکەوێت کەهەردی زۆر چێژی لەشیعری (علی محمود طە)وەرگرتووەو لەهەندێ لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە جگە لەشیعرەکانی (علی محمود طە) لەو هۆنراوەی کەلەساڵی ١٩١٨ لە (جریدة السفور) بلاّوی کردۆتەوە لە پێشەکی هۆنراوەکەدا دەڵێ:- (( اکراه قیثارة المرح علي النغم الحزین واللحن الباکي وهو لایزال في روق الشبیبة ))٣٦ئەو ووتەیە کاری لێ دەکاو لەسەرەتای (ڕازی تەنایی)دا کەلەساڵی 1957 کراوە دەڵێت ((مو دەنگ و ئاوازەی لەتەلی ئەم هەڵبەستانەوە بەرز ئەبێتەوە ئاوازێکی گریاناوی و پڕ لە نائومێدیە کە حەزناکەم بەمن بی گوێ ی هیچ گە نجێکی کورد بەوچەشنە ئاوازانە بئاخنرێ کەسەرتا پا بۆ ئافرەت و دلّداری ئەلاوێنیتەوە))37
بەم جۆرە دەبینین (علی محمود طە)ی شاعیری سروشت و افرەت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەردی شاعیر هەیە. بەلاّم شتێك هەیە دەبێ بووترێ ئەویش ئەوەیە گەلێ خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە لەڕووی باری کۆمەلاّیەتی. ژیانی هەردووکیان، دلّداری ناکام. پلەی خوێندنیان سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان سەر بەڕێبازی ڕۆمانسیەتن.

((ابراهیم ناجی)) (٣٨)

لە ساڵی ١٨٩٨لە قاهیرە لە دایك بووە. هەر لەوێ چۆتە بەر خوێندن باوکی یەکێك بووە لە ئەدەب دۆستانی سەردەمی خۆی و کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە. ئەمەوای کردووە کە ابراهیم ناجی بەرە بەرە بخزێتە ناو دنیای ئەدەب. کە خوێندنی دواناوەندی تەواو کرد چووە کۆلیژی پزیکشی و لەساڵی 1923دا خوێندنی پزیشکی تەواو کرد.
وەك پزیشکێك دامەزرا. شاعیر جگە لە زمانی عەرەبی ئینگلیزی و فرەنسیشی دەزانی تا گاداری

**شیعری ئینگلیزی و فرەنسی بوو. و، چێژی لێ وەرگرتن.**

**کاتی کۆمەڵەی ئەپۆلو لە ساڵی 1932دروست بوو بوو بە ئەندامی لەو کۆمەڵەیە لەساڵی 1934کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (وراء الغمام) چاپ کرد. لە ساڵی 1944 (ليالي القاهرة)ی چاپ کرد لە دوای مردنیشی 1953 (الطائر الجريح)ی چاپ کراوە.**

**لە ساڵی 1953کۆچی دوایی دەکات**

**شاعیر سەربە ڕێبازی ڕۆمانیسیەتە لە شیعرەکانیا زیاتر گرنگی بەسروشت و لایەنی دەرونی داوە بەتایبەتیش خودی خۆی لە شیعرەکانیدا هەردەم وێنەی هەست و نەست و خۆشەویستی خۆی دەکێشێ بەبێ ئەوەی گوێ بە کۆمەڵ بدات. گشت شیعرەکانی گوزارشت کردن بوو لە ئێش وئازاەکانی خۆی شیعرەکانی لە رووی بابەت وشێوازو ڕێبازەوە زۆر نزیکن لە شیعرەکانی (علی محمود طه) دیارە (ابراهیم ناجی) یش یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کە هەردی چێژی لە شیعرەکانی وەرگرتووە بۆیە لە هەندێ لە شیعرەکانیدا هەندێ لەوێنەکانی (ناجی)لە شیعرەکانی هەردیدا سەرە تاتکی دەکەن.**

**(ابراهیم ناجی) هۆنراوەیەکی هەیە بەناوی (من ن الی ع) وێنەی ژیانی خۆی دەکێشێ:-**

**عمري سراب في بقايا سراب**

**وكل ايامي المواضي اغتراب**      **ديوان ناجي ص**388

**هەردیش لە هۆنراوەی (رازی تەنیایی)دا بەم جۆرە وێنەی ژیانی خۆی دەکێشێت:-**

**ژیان ئەرکی ناخۆشی**      **پە پولەی ئارەزووی کوشتم**
**شەرابی جامی دڵداری**      **لە تانقی لاویا ڕشتم**
**تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت**      **وها تاریك و چلکن بوو**
**نیگاری خۆشەویستی دڵ**      **پەری ئاسایی تیا ون بوو.**

**بیری سەرەکی لە هەردوو هۆنراوەکەدا بەسەر چوونی گولی جوانی تەمەنەو نەگەیشتنە ئەنجامە لە دڵداریدا واتە هەردوو شاعیر دڵداری ناکامن. دیارە ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی ڕۆمانسیەت لەلای هەردووکیان ڕەش بینی بەدی دەکرێت. (ابراهیم ناجی) کەسەرتاپا ژیانی تراویلکەو نامۆییە، هەردیش گولی ژیانی بەسەر چووە. ڕۆژانی رابردووی تەم و مەینەت بووەو ڕۆژێکی خۆشی بەدی نەکردووە.**

**(ابراهیم ناجی) هۆنراوەیەکی هەیە بەناوی (رسائل محترقة) باسی ئەوە دەکات کە**

چۆن یادگارەکانی رۆژانی رابردووی لە شەوێکی تاریکدا هاتۆتە وەبەرچاوی نامە دڵدارییەکانی دێنە وە یادی هەروەك چۆن منالێك خەوببینێ لە پڕ گشت نامەکان دەسووتێنێ بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆشەویستییان لەسەرەتاوە تاکۆتای بسووتێنێ.
بەوەش ناوەستێ دڵی خۆشی دەخاتە ناو ئاگری نامەکانەوە تا لە گەڵیانا بسووتێ و شێوەی یاری تیانەمێنێ.

ذوت الصبابة وانطوت وفرغت من الامها
لكنني القي المنايا من بقايا جامها
عادت الي الذكريات بحشدها وزحامها
في اليلة ليلاء ادٌقنني عصيب ظلامها
هدات رسائل جها كالطفل في احلامها
فخلقت ولا رقدت ولا ناقت شهي منامها
اشعلت فيها النار ترعيَ في عزيز حطامها
تغتال قصة حبنا من بدئها لختامها
احرقتها ورميت قلبي في صميم ضرامها
وبكي الرماد الادميَ عليَ رماد غرامها ديواني ناجي ل 327

هەردیش لە هۆنراوەی (شانزە ساڵ چاوەڕوانی)دا دوای ئەوەی شەو باڵی رەشی بەسەر زەمینا دەکێشێ تۆماری شانزە ساڵ خۆشەویستی دەخاتەناو چاڵی سزاوە.

دوێنێ لە تەك نەمانی سورایی خۆرنشینا
کە شەو هیواشی باڵی کێشا بەسەر زەمینا

تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پڕ لە تاسەی دەرون و گیانی برسیم

بە جارێ نایە اڵی ژیانی پڕ سزاوە
کە شەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیا رزاوە
لە تەك هەموو عەزاب و ژیانی بێ هیوادا
ئەم رەنجی ساڵەهایەم کە گەشتی چوو بەبادا
لەتەك ئەمانەشا، من، هەرچەندە تێ گەیشتووم

له كانی قوڵی دڵما: كه بۆته گوری ئاوات
رژاوه نەقشی باڵای بڵندی ئالو والات.
هەردوو هۆنراوەكه له زۆر لاوه لەیەك دەچن
١ ـ بابەتی هەردوو هۆنراوەكه یادگاری دڵێكی ناكامه، عاشق ئەو یادگارانەی ژیانی خۆشەویستی چەند ساڵەی دێته و بەرچاو له پر كه به هۆش خۆی دێتەوه بریار دەدات گشت ئەو یادگارانه له ناو بەرێت شوێنەواریان نەهێلێت. (ابراهیم ناجی) یادگارەكانی خۆی دەسووتێنێ

| | |
|---|---|
| هدأت رسائل حبها | كالطفل في احلامها |
| فخلقت لا رقدت | ولا ناقت شهي منامها |
| اشعلت فيها النار | تدعي في عزيز حطامها |
| تغتال قصة حبنا | من بدئها لختا مها |

هەردیش یادگاری چەند ساڵەی خۆی دەخاته ناو چاڵی سزاوه
تۆماری شانزه ساڵی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پر له تاسەی دەروون و گیانی برسیم
به جارێ نایه چاڵی ژیانی پڕ سزاوه
كه شەوقی چەنده گەنجی هەژاری تیا رزاوه
٢ ـ كات:
له هەردوو شیعرەكاندا كات شەوه.
عادت الي الذكريات　　بحشدها وزحامها
في الليلة ليلاء ادقبني　　عصيب ظلامها

دوێنێ لەتەك نەمانی سورایی خۆرنشینا
كەشەو هیواشی باڵی كێشا بەسەر زەمینا

٣ ـ له رووی سایكۆلۆجی یەوه. هەردووك رەش بینن و دەیانەوێ لەو خۆشەویستییه بێ ئاكامه رزگاریان بێت كه چەنده ساڵه به دوایانەوه بۆیه (ناجی) دڵی خۆشی دەخاته ناو ئاگرەكەوه
احرقتها ورميت قلبي　　في صميم ضرامها

**( هەردی )یش یادگارەکانی خۆی دەنێتە ناو چاڵی سزاوە، بەلاَم دەست بەرداری وێنەی یار نابێ کە لەناو دلیا نەقشی کێشاوە.**

**لەکانی قوڵی دڵما        کە بۆتە گۆڕی ئاوات**

**رژاوە نەقشی        بالای بڵندی ئالو والآت**

**دیارە لە رووی مێژووەوە شیعرکەی (ناجی) لە پێش شیعرەکەی هەردی دانراوە، کاریگەرییەکەشی بە ئاشکرای دیارە بۆیە دەکەوتە خانەی ئەدەبی بەراوردەوە.**

**( ابراهیم ناجی ) هۆنراوەیەکی هەیە بەناوی ( البعث ) تیایا باسی بێ ئومێدی و هیوابڕاوی خۆی دەکات. ئەوەندە نا ئومێدە کە رۆژی هەردەم بەشەو دەست پێ دەکات لەم شەو گارەشدا تیشکی روناکای بەدی ناکات.**

**قد بلوت الويل فيها لا بلوتا        وأنا أبدأ يومي بالمساء**

**وعرفت الضيق ضيق القلبي حتيَ لم اجيد فيالكون ثقبا من رجاء  ديوان ابراهيم ناجي ص٣٧٩**

**هەردیش لە هۆنراوەی ( رازی تەنیا )دا ئەوەندە رەش بینە ئێش و ئازاری ژیان پە پولەی ئاواتی کوشتووەو بێ هیواو ئومێد ماوەتەوە، لە تاریکی شەوی ژینا تیشکی روناکای بەدی ناکات.**

**ئەگێرم چاوی بێ تینم        بە تاریکی شەوا سەرسام**

**نییە پرشنگی دووچاوێ        کە رووناکی بکا رێگام..!**

**بە غەیری باڵی غەمناکی        شەوی پڕ ترس و سامناکی**

**نییە یەك تۆرزە رووناى        رازی تەنیای ل٧٩**

**هۆنراوەکان زۆر لەیەکەوە نزین و لەیەك دەچن**

**١ ـ بیرۆکەی هەردوو هۆنراوەکە نائومێدی و رەش بینییە هەردوو شاعیر بێ هیواو ئاوات ماونەتەوە.**

**٢ ـ ئەم گەردوونەیان لێ تەنگ داهاتووەو تۆسقاڵێ هیواو ئاوات  بەدی ناکەن جگە لە ئێش و ئازارو تالأوی ژیان هیچ شتێکی تر لەم دنیایەدا شك نابەن.**

**بەم جۆرە دەبینین شیعرەکانی ( ابراهیم ناجی ) کاریگەریان لە سەر هەردی هەبووەو لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ئەم کاریگەرییە رەنگی داوەتەوە.. بەلاَم لە هەندێ لە شیعرەکاندا هەردی زۆر جوانتر بۆ مەبەست چووە و توانیویەتی بەشێوازێکی زۆر جوان وشە ناسکەکان هۆنێتەوە. ئەو بیرۆکەیەی کە وەری گرتووە بەشێوەیەکی وا بتوێنێتەوە لە ناو بۆ چوونەکانی خۆی**

ڕەسەنایەتیەکیان پێ ببەخشێ.

## پەراوێزەکان

1-الرومانسية موسوعة المصطلح النقدي، ليليان فرت. ت د. عبدالواحد لؤلؤه دار الحرية للطباعة بغداد ١٩٧٨ص١٠
2-ن. م. ص١٠
3-الادب و منا هجة د. محمد مندور، دار نهظه مصر للطباعة والنشر القاهرة، ١٩٧٤ص٦٩
4-الرومانسيةموسوعة المصطلح النقدي، ص١٧
5-موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر. د. معروف خزندار، ت. د. عبدالمجيد شيخو. الناشر هوشنگ كرداغى، ١٩٩٣ص١٣٨
6-کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەلاح). بەرگی یەکەم، چا بخانەی (حسام) بەغدا ١٩٨٠ل١٣٨
7-ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردییدا. خورشید ڕەشید ئەحمەد. چاپخانەی (جاحظ) بەغدا، ١٩٨٩ل٢٦٤
8-کاروانی شیعری نوی کوردی، ل١٣٩کەمێك دەسکارییەوە
9-س، پ، ل١٣٩
10-س، پ، ل١٤٥
11-موسوعة المصطلح النقدي، ص١٠
12- موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر. ص١٣٩
13-ن.م. ص138.
14-الشعر العربي المعاصر قضايا وظواهرة الفنية، ط5، دار العودة.بيروت، 1988، ص358.
15-ڕۆمانسیەت و ڕەگەزە ئەدەبیەکان و. جمال محمد اسماعیل گۆڤاری بەیان ژ. 65. ئابی 1980، ل25.
16- هەردی نوێخوازێکی سەردەمی کۆن، حەمە سەعید حەسەن، گۆڤاری ڕامان ژ. 15 ئەیلولی 1997، ل٧.
17-موسوعة المصطلح النقدي، ص10.
18-خەیام دەڵێ

بۆ گۆزە کرین دەچووومە لا گۆزەکەرێك
صەد گۆزە بە من پێکەنی هەریەك لە بەرێك
ئێمەی وەکو خۆت ئەبەی سبەینێ خۆشت
وەك ئێمە دەبی بە گۆزەلای بێ خەبەرێك — چوارینەکانی خەیام، ل١١

19-الشعر العربي المعاصر، قضايا وڤواهره الفنيه، د. عزالدين اسماعيل دارا العودەبيروت، گە 1988، ص352.
20-ن.م.ص361.
21-رازی تەنیای، ل
٢٢ ـ ڕێبازی ڕۆمانێکی لە ئەبی کوردیدا، ل269.
23 ـ گ. ڕامان. ژ.(15) 1977، ل٨.
24 ـ اعلام الشعر العربي الحديث، بشارة الخوري،منشورات المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، 1970، ص174.

25 ـ القديم والجديد في الشعر العربي الحديث، د. واصف ابو الشباب. دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت 1988، ص١٢١.
26 ـ ن.م.ص125.
27 ـ ن.م ص128.
28 ـ سيماى داهێنان له شيعرەكانى هەردى دا، نامەيەكە كوردۆ عمر فتاح، پێشكەش كوليجى زمانى زانكۆى سلێمانى كردووە بۆ بەدەست هێنانى پلەى ماجستير. 2001، ل30.
29 ـ س، پ.
30 ـ رۆژنامەى كوردستانى نوێ ژ2122، 17-4-2000.
31 ـ گۆڤارى نووسەرى كوردستان، ژ. 16 پايزى 1989، سەقز. 71.
32 ـ اعلام الشعر العربي الحديث . ص174.
٣٣ ـ علي محمود طة الشاعر.. والانسان ، انور المعداوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد. ط٢، 1986، ص68.
34 ـ ن. م.
35 ـ رازى تەنياى، ئەحمەد هەردى چاپخانەى شەفيق بەغدا، 1957، ل17.
36 ـ علي محمود طه الشاعر... والانسان، ص23.
37 ـ رازى تەنياى، 1957، ل٣.
38 ـ الادب العربي المعاصر في مصر، د. شوقي ضيق، دار المعارف. ح.م ع، 1983،ص125.

## ئەنجام:

لەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتووینە ئەنجامێك كە لە چەند خاڵێكدا خۆی دەبینێتەوە.

١ ـ هەردی لەسەردەمێكدا هاتۆتە مەیدان كە شیعرەی كوردی هەنگاوی تازەكردنەوەی ناوەو لە باوەشی رۆمانیسەتدا گیرساوەتەوە، هەردیش وەك شاعیرێكی ئەو قۆناغە بەشی هەرە زۆری هۆنراوەكانی سەر بەو رێبازەن و بەشێكی كەمی ریالیزمی شۆرشگێڕانەیە، هەردی كەف و كوڵی دڵی خۆی رۆمانسیانە دارشتووە. شیعرەكانی باسی جوانی ئافرەت و سوتانی شاعیر و نائومێدی و هیوابڕاوی دەگرنە خۆ. و گشت خاسیەتەكانی رێبازی رۆمانیسیە تیان بەدی دەكرێت.

وەك: خود، گەرانەوە بێ سروشت، بێ ئومێدی، دڵداری بێ ئاكام رەشبینی، ڕووداوی كەم خایەن، پرسیاری بەلاغی... هتد.

٢ ـ هەردی لە كاریگەری شاعیر و نووسەرانی كورد هەروەك خۆی باسی دەكات كاریگەری گۆران و ئیبراهیم ئەحمەدی لەسەربووە ، بەلاَم ئەوەی لەشیعرەكانی رەنگی داوەتەوە شیعرەكانی گۆرانە.

٣ ـ لەیەكی لە شیعرەكانی هەردی وێنەیەكی شیعری خەیام رەنگی داوەتەوە. ئەویش گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ باوەشی زەوی و جارێكی تر گەڕانەوەی بۆ خاك و خۆڵ.

٤ ـ هەردی وەك خۆی دەڵێت شیعری شاعیرانی كۆمەڵەی (مەهجر)ی خوێندۆتەوە، هیچ بسی كۆمەڵەی (ئەپۆلۆ)ناكات كەچی ئەو ئەنجامەی لە باساكەماندا بەدەستمان هێناوە كاریگەری شاعیرانی كۆمەڵەی (ئەپۆلێ)یە و رەنگدانەوەیەتی لە شیعرەكانیدا بەتایبەتیش شیعرەكانی

( علی محمود طه ) بە پلەی یەکەم و شیعرەکانی د. ابراهیم ناجی بە پلەی دووەم.
**کاریگەری شیعرەکانی ( علی محمود طه ) بە جۆرێکە هەندێ لە شیعرەکان یا وێنەکان ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن هەروەك یەك بن وان. بەتایبەتیش شیعری ( الانتظار ) و ( چاوەڕوانی ) دا.**
**کاریگەری شیعرەکانی ابرایم ناجی کەمترەو کەمتر لە شیعرەکانی هەردی رەنگی داوەتەوە.**
**٥ ـ ئەو کاریگەرییەی کۆمەڵەی ( ئە پۆ لۆ ) لەسەر شیعری هەردی دەکەوێتە خانەی قوتابخانەی فرەنسی چونکە کەناڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان شاعیرانی ( ئە پۆلۆ ) و هەردی ئەویش گۆڤارو دیوانی شاعیران و چاپکراوەکانی ئەو سەردەمن.**

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردیەکان**

**ـ کتێب**

١ ـ ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٨٩.
٢ ـ چوارینەکانی خەیام. و ، هەژار، چاپخانەی ( مهدیە ) تهران، ١٣٦٩.
٣ ـ دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، عەبدوڵلاّ گۆران، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، ١٩٨٠.
٤ ـ رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی ، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٥٧.
٥ ـ رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ج٢. هەولێر ١٩٨٤.
٦ ـ رێبازی رۆماتیکی لە ئەدەبی کوردی، خورشید رەشید ئەحمەد، چاپخانەی ( جاحڤ ) بەغدا ١٩٨٩
٧- کاروانی شیعری نوێ ی کوردی. حەمەحەمە ئەمین قادر( کاکەیفەلاح )بەرگییەکەم چاپخانەی حسام بغداد١٩٨٠.

**گۆڤار**

١ ـ رۆمانسیەت و رەگەزە ئەدەبییەکان، و. جمال محمد اسماعیل . گ بەیان ژ٦٣ئاب ١٩٨٠ل٢٥
٢ ـ گۆڤاری نوسەری کوردستان. ژ ١٦ پایزی ١٩٨٩سەقز٧١.
٣ ـ هەردی نویخوازێکی سەردەمی کۆن، حەمە سەعید حەسەن. گ، رامان، ژ ١٥ئەیلول ١٩٩٧ل٧٠

**رۆژنامە**

١ ـ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ( ٢١٢٢ )١٧_ ٢٠٠٤

**نامە**

١ ـ وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا، نامەی ماجستێر عەبدولقادر محەمەد ئەمین محەمەد، کۆلێجی زمان. زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢ ـ سیمای داهێنان لە شیعرەکانی هەردیدا، نامەی ماجستێر، کوردۆ عمر فتاح، کۆلێجی زمان. زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

سەرچاوە عەرەبییەکان

کتێب
١ ـ الادب العربي المعاصر في مصر، د. شوقي ضيف، دار المعارف، ج. م.ع، ١٩٨٣
٢ ـ الادب ومناهبه ، د. محمد مندور، دار نهظة مصر للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٤.
٣ ـ اعلام الشعر العربي الحديث، بشارة الخوري، منشورات المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ١٩٧٠.
٤ ـ ديوان ابراهيم ناجي، دكتور ابراهيم ناجي، مطابع المتنبي، بيروت، د. ت.
٥ ـ الرومانسيه، موسوعة المصطلح النقدي، ليليان فرست، ت د. عبدالواحد لؤلؤة . دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٨
٦- الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، اميه حمدان، دار الرشيد بغداد، ١٩٨١
٧ ـ الشعر العربي المعاصر قضايا وظواهره الفنية والمعنوية، دار العورة بيروت، ط٥، ١٩٨٨.
٨ ـ الصومعه والشرفة الحمراء، نازك الملائك، دار العلم للملايين، ط٢، بيروت، لبنان، ١٩٧٩.
٩ ـ علي محمود طه الشاعر والانسان، أنور المعداوي، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد، ط٢، ١٩٨٦.
٠١ ـ القديم والجديد في الشعر العربي الحديث، د. واصف ابو الشباب، دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت ، ١٩٨٨.
١١ ـ الملامح التائه، علي محمودطه، دار العودة، بيروت ١٩٧٢.
٢١ ـ موجز تاريخ الادبي الكردي المعاصر، د. معروف خزندار، ت د. عبدالمجيد شيخو، الناشد هوشنگ كرداغي، ١٩٩٣.
نامه

١ ـ الابداع الشعري عند ابراهم ناجي، رسالة ماجستير، طاهر مصطفىَ علي، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥.

## رومانسية هردي وتأثير جماعة ابولو

احمد هردي هذا الصوت الهادر في الادب الكردي، اذ أوصل الشعر الرومانسي اليَ القمة، بحيث كلما ذكرت الرومانسية يأتي اسم هردي في المقدمة، وهذا لايعني إن هردي هو الوحيد الذي كتب في هذا المجال وانما تتميز بجميع الخواص التي تمتاز بها الرومانسية العالمية مثل: الذات، الرجوع اليَ الطبيعة، الحرمان من الوصول اليَ المعشوق، والتشاؤم، والسؤال البلاغي، والحوادث، المفاجئة الصغيرة والصورة الفنية، هذه وكثير من الخواص الموجودة في قصائده نجعلنا نعتبر هردي و اشعاره يتقدمان الشعر والشعراء الاخرين لديَ الناس من حيث حبهم لهما. هردي الشاعر صاحب القصائد والأشعار الرومانسية الرقيقة مثل أي آخر وتأثر شعراء آخرين في هذا المجال.

هردي كعالم متذوق للجوانب البلاغية والجمالية أثر فيه الشعر العربي، بوالاخص شعر شعراء جماعة (ابوبو) وذلك عن طريق مجلة (ابولو) اذ أثرت في فكرة وعاطفية.

وتأثير الشعراء علي محمود طه وابراهيم ناجي و احمد زكي ابوشادي وخصيصاعاي محمود طه واضح علية من الجانب الفكري والسايكولوجي والقلق والتشؤم والصورة الشعرية والزمنية والمكانية... الخ.

جماعة ابولو من الناحية التاريخية سبقت هردي، ولغتها مختلفة، والجامع بينهما الكتب والمجلات والجرائد في تلك الايام. وهذه المقارنة محسوبة في إطار الطريقة الفرنسية في الادب المقارن، مع وجود التأثر للجماعة عليَ شعر هردي، ولو ننظر بعين التأمل بعيدا عن التعصب نريَ اشعار هردي أرق من اشعار الجماعة من ناحية الالفاظ واللهجات والصياغة والموسيقيَ الشعري.